چاپی ئەزموونی

وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان ٤

## پۆلی چوارەمی بنەڕەتی
## کتێبی قوتابی


ئامادەکردنی

عبدالله رشید حسن | جمال عمر عبدالله | د.نبيل فتحى حسين

عـمـر علي شريف | يوسف عثمان حمـد | كاوه عـمـر حـمـد



بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان بە سوپاسەوە تێبینی و پێشنیارەکانتان دەربارەی ئەم کتێبە لە ڕێگەی ئیمێڵی: bgprogram@moe.gov.krd وەردەگرێت

وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا بە خوێندنی ئەم پرۆگرامە لە چەند قوتابخانەیەکی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان بەشێوەی ئەزموونی بەگوێرەی فەرمانی وەزاری ژمارە (١٥٣٤٨) لەڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٠) لەسەرەتای ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ - ٢٠٢٠

گشت مافەکانی ئەم کتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە

سەرپەرشتیاری زانستی چاپ: عمر علي شريف
سەرپەرشتی هونەری چاپ: عثمان پيرداود كواز - نـــاری محسن احمـد
دیزاینی بەرگ: ڕەوەنـــد سعيد صابر
دیزاینی ناوەوە: نـــاری محسن احمـد
ژمارەی سپاردن:
تیراژ:
چاپ: چاپخانەی

چاپی یەکەم
٢٠١٩ زاینی
١٤٤٠ کۆچی
٢٧١٩ کوردی




# کوردستان

## نیشتیمانی پێکەوەژیان

# هۆکارەکانی خوێندنی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی

لە کاتێکدا کە ئێمەی کوردستانی بە تامەزرۆیەوە باسی گرنگی کارامەیی و بەهاکان لە بونیادنانی داهاتووی گەلەکەمان و کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کەسایەتی منداڵان دەکەین، لە سەردەمێکی پڕ لە ئاڵوگۆڕی خێرا و سەرسوڕهێنەردا دەژین کە ڕەنگە تێپەڕاندنی ئەو سەردەمە بە بێ گەشەپێدانی پەروەردە و فێرکردن و گۆڕانکاریکردن لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ئەستەم بێت، بۆیە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا لە پرۆگرامەکانی خوێندن، بۆ قۆناغی بنەڕەتی بابەتێکی نوێ زیاد بکات، لە هۆکارە بەرچاوەکانی ئامادەکردن و خوێندنی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

•داواکاری کۆمەڵگەی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاپۆرتەکانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن بۆ پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن بە مەبەستی گونجاندن و دەوڵەمەندکردنی بە بنەماکانی مرۆڤایەتی.

•جێبەجێکردنی دیدگای هەرێمی کوردستان، لە پێناو تواناداركردنی هاووڵاتیان بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان و پاڵپشت بێت بە بەها و چەمکە مرۆڤایەتی و دیموکراتییەکان.

•یەکێک لە ئامانجە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، بەهاکانە. ئەو بەهایانەی دەبێت ببێتە بەشێک لە ڕەفتار و ڕەوشتی نەوەکانی داهاتوو، واتە دارشتنی کەسایەتی نەوەی دوارۆژ، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە بە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان و هاوبەشەکانی لە ڕێگەی ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و سەکۆیکار، بڕیاردرا پێداچوونەوە بە سەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی بکات.

بە لە بەرچاوگرتنی دەستپێشخەریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان (یونیسێف) بە ناوی ((فێربوونی کارامەییەکانی ژیان و هاووڵاتیبوون لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقیا)).

کاوە عمر حمد

بەڕێوەبەری گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

تەوەرە سەرەکییەکانی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، هەروەک لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە لە قۆناغی بنەڕەتی چوار بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێت.



# پێشەکی

کاتێک پرۆگرامەکان کەرەستەی گۆڕانکارییەکانی پەروەردە و ئامانجی سەرخستنی پەروەردەیەکی دروستە، ئەوا پرۆگرامەکان لە خەسڵەتی تایبەتی و گشتییدا زانستێکە ڕێسا وچەمکی خۆی هەیە.

هەوڵدرا بە پلانێکی تۆکمە هەموو گۆڕانکارییەکانی پرۆگرامەکان لە بەرژەوەندی تاکێکی تەندروست بێت هاوتەریب لەگەڵ پڕۆسەی پێشکەوتنی زانستیی و کۆمەلایەتی ئابووری بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی کولتوور و ڕۆشنبیری لە ژێر ڕەهەندەکانی نیشتیمان و ئاشتی جیهانی.

لە سەرەتادا ئەم هەوڵە فێربوونە دەربارەی پەیڕەوکردنی کارامەیی و بەها و چەمکە کۆمەلایەتییەکان. هەوڵدرا شێوازە کلاسیکیەکە تێپەڕێنین زیاتر بوار بە خودی منداڵ بدرێت لە ڕێگەی تێگەیشتن و وەرگرتن و جێبەجێکردنی کارامەیی و بەها و زانستە کۆمەلایەتییەکان ئەوان خۆیان لە ڕەفتاریاندا پێشەنگی گۆڕانکارییەکان بن بەهۆی تاقیکردنەوەی چالاکییەکان و وروژاندنی پرسیاری کۆزانیاری و پڕۆژە هاوبەشەی نێوان خۆیان. لە ڕێگەی بابەتەکانی ئەم کتێبەوە دیدی تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ ئایندە و سەرکردایەتی گۆڕانکارییەکان بکەن.

مامۆستای بەڕێز: ئەم پرۆگرامە تەنیا بۆ تاقیکردنەوە نییە، ئامانجی فێربوون لەم پرۆگرامە ئەوەیە قوتابیان کاراکتەری سەرەکی بابەتەکانن لە ڕێگەی چالاکی و بیرکردنەوە و گفتوگۆکردن و ڕاهێنانەوە، با خۆیان سەرپشک بن لە چۆنیەتی

ئەنجامدانی. کاری بەڕێزتان بەشداریکردنە لە ڕێگەی سەرپەرشتیکردن و دابەشکردنی ڕۆڵە سەرەکییەکان لە کات و چالاکییەکاندا.

دایک و باوکی بەڕێز: ئەم پرۆگرامە ڕۆڵی ئێوە کارا دەکات چۆن ئێوە بەشێکن لە بەرەوپێشبردنی کارامەیی و بەهاکان بەشداربن لە چالاکی و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بوێرانەی کە منداڵەکانتان لەگەڵتان هاوبەش دەبن.

قوتابیانی بەڕێز: ئەمە هەوڵێکە بۆ چالاکبوونی تواناکان و کارامەییە خودییەکان،کە خۆت بەشێک بیت لە گۆڕانکارییەکان بە گیانێکی سەرکردە تێڕوانینەکان بۆ ئاینده بەرنامەڕێژ بکەیت، سەرجەم چالاکییەکان  کاری ڕۆژانەی تۆیە کە لەم پرۆگرامە خراوەتە ڕوو بۆیە ئاراستەی هەموو تێگەیشتنەکان لە چالاکییەکان لە بیرکردنەوەی تۆدایە تەنها کاری ئێمە ڕێکخستن بووە بە پێی کات و شوێنی پێگەیشتنی هزر و بیری تۆی بەڕێز.

بێگومان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت دەبینەوە، بەڵام بە هاوکاری هەموو لایەک هەوڵدەدرێت هەموو شتێک لە بەرژەوەندی منداڵ بێت و هەرخۆی چەقی فێربوونی گۆڕانکارییەکان بێت، چونکە ئەم پرۆگرامە بە پێی پێوەرەکانی بەڵگەنامەی پرۆگرامەوە ئەنجامدراوە.

**ئامادەکاران**

# ناوەڕۆک

## بەشی یەکەم هاووڵاتیبوون (من و شارەکەم)


یەکەی یەکەم: شارەکەم ............ ١٢
یەکەی دووەم: ناوی شارەکەم ............ ١٦
یەکەی سێیەم: پێکهاتەی شارەکەم ............ ٢٠
یەکەی چوارەم: پاراستنی شارەکەم ............ ٢٤


## بەشی دووەم مافەکان (ماف و ئەرکەکان)


یەکەی یەکەم: یەکسانی ............ ٣٠
یەکەی دووەم: جیاکاری ............ ٣٤
یەکەی سێیەم: ئازادی ڕادەربڕین ............ ٣٨
یەکەی چوارەم: بەدیهێنانی ئامانجەکان ............ ٤٢

## بەشی سێیەم
کارامەییەکان (کارامەییە کەسییەکان)


یەکەی یەکەم: ناسینی خود ........ ٤٨
یەکەی دووەم : ڕێزگرتن لە خود ........ ٥٢
یەکەی سێیەم: گرنگیدان بە خود ........ ٥٦
یەکەی چوارەم: ڕەخنە لە خۆگرتن ........ ٦٠


## بەشی چوارەم
بەهاکان (بەها مرۆڤایەتییەکان)


یەکەی یەکەم: ئاشتی ........ ٦٦
یەکەی دووەم: لێبوردەیی ........ ٧٠
یەکەی سێیەم: پێکەوەژیان ........ ٧٤
یەکەی چوارەم: دەستپێشخەری ........ ٧٨



# بەشی یەکەم ١

# هاووڵاتیبوون
# من و شارەکەم

یەکەی یەکەم: شارەکەم


یەکەی دووەم: ناوی شارەکەم

یەکەی سێیەم: پێکهاتەی شارەکەم

یەکەی چوارەم: پاراستنی شارەکەم

ماوەی جێبەجێکردن

- ژمارەی هەفتە ٤
- ژمارەی بەشەوانە ٨



# ئامانجی بەش

١. قوتابی شارەزایی لەبارەی چەمکی شار پەیدا دەکات.

٢. لایەنە شارستانییەکەی شارەکەی دەناسێت.

٣. جیاوازی لە نێوان شار و گوند دەکات.

٤. گرنگی شار دەزانێت.

٥. دەزانێت شارەکەی چەندین نەتەوە و ئاینی جیاوازی تێدا دەژی.

٦. شارەکەی خۆی خۆشدەوێت و پارێزگاری لە ژینگەکەی دەکات.

# یەکەی یەکەم



## شارەکەم

**بیرۆکەی سەرەکی**

شـــار: کۆبوونەوەیەکـــی چـــڕی دانیشـــتوانە خەڵکەکـــەی بـــەکار و چالاکیـــی جۆراوجۆر وەکو (بازرگانی و پیشەســـازی... هتد) و پیشـــەکانی وەکو(دارتاشـــی و ئاســـنگەری...هتد) خەریکـــن.

ئـــەو بنەمایانەی کە شـــاری پێ جیـــا دەکرێتەوە لە ولاتیکەوە بـــۆ ولاتێکی دیکە جیـــاوازە بەجۆرێک لە هەرێمی کوردســـتان بنەمای کارگێـــڕی بەکاردەهێندرێت.

## چالاکیی ناو پۆل



١. قوتابی ناوی شارەکەی خۆی دەنووسێت.

٢. مامۆستا داوا لە قوتابیان دەکات ناوی گرنگترین فەرمانگەی شـــارەکەیان بنووســـن.

## ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- پیشە

٢- شارەدێ

٣- بنەمای کارگێڕی

٤- شارۆچکە

## بەهێزکردنی زانیاری

# جۆرەکانی شار

### پارێزگا

شاری گەورە لە چەندین گەڕەک پێکدێت، چەند نەتەوە و ئاینزایەکی جیاوازی تێدا دەژیت، زانکۆ و نەخۆشخانە و پارک و فڕۆکەخانە و هۆتێل و سینەما و باڵاخانەی بەرزی تێدایە، شارە گەورەکان وەک پایتەختی وڵات و شاری پیشەسازی و شاری بازرگانی دەناسرێن، وەک هەولێر، سلێمانی، بەغدا، ئەستەنبوڵ، تاران، قاهیرە، نیویۆرک، لەندەن، پاریس، نیودەلهی.

### شارۆچکە (قضاء)

ڕێژەی دانیشتوان و ڕووبەری بچووکترە لە شار دامودەزگەی حکومەتی کەمتر لێ بەدی دەکرێ، قائیمقام کاروباری خەڵک بەڕێوە دەبات وە لەچەند شارەدێیەک پێکدێت. وەک قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆک، شارۆچکە(قەزا)ی ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی.

### شارەدێ (ناحیة)

لە شارۆچکە بچووکترە، ڕێژەی دانیشتوانی کەمترە، خانوو و باڵاخانەی کەمتر تێدایە و لە چەند گوندێک پێکدێت، وەک شارەدێ (ناحیە)ی هەریر لە پارێزگای هەولێر، ناحیەی شوان لە پارێزگای کەرکوک.

١ ٢ ٣

من شارەکەی خۆم خۆشدەوێت و شانازی پێوە دەکەم

## چالاکیی ناو پۆل



١. جیاوازیی لە نێوان شاری گەورە و بچووک چییە؟

٢. پێناسەی شارۆچکە بکە؟

## چالاکیی ماڵەوە



هەرێمی کوردستان لەچەند شار پێکدێت ؟ بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەرەوە، پاشان ناوی ئەو شارانە بژمێرە کە سەردانت کردوون.


## گەڕان



چۆن هاوکار دەبیت لە زیاتر بەرەو پێشچوونی شارەکەت؟ ئەم بابەتە بە هاوکاریی کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت گفتوگۆ بکە، دواتر هاوکاریکردنەکەت بە چوار خاڵ بنووسە.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

جیاوازیی نێوان ئەم شارانە دیاریبکە.


پارێزگای سلێمانی


پارێزگای هەڵەبجە


شارۆچکەی زاخۆ


پارێزگای کەرکوک

## یەکەی دووەم



# ناوی شارەکەم

### بیرۆکەی سەرەکی

هەموومــان لــە شــوێن و شــارێکی جیــاواز لــە دایــک بوویــن، ئەمــەش بۆتــە زێــدی لەدایکبوونمــان لــە ناســنامەی هــەر یەکێکمــان نــاوی ئــەو شــارە دەنووســرێت، کــە تێیــدا لەدایکبوویــن، بۆیــە هەمــوو مرۆڤێــک بــە زێــدی خــۆی دەناســرێتەوە، کاتێــک لێــت دەپرســن تــۆ خەڵکــی کام وڵاتــی دەڵێــی خەڵکــی کوردســتانم، پێــت دەڵێــن خەڵکــی کام شــاری، تۆش بە شــانازییەوە ناوی شــارەکەی خۆت دەڵێیت، ئەمەش وا دەکات شــارەکەی خۆت خۆشبوێت و پارێــزگاری لــێ بکەیــت، یــان کاتێک کەســێک دەیەوێت ئاسایشــی شــارەکەت بشــێوێنێ یان بیەوێت هێرش بکاتە ســەری، ئەو هەســتەت بۆ دروســت دەبێت کە پێویســتە بەرگری لە شــوناس و کولتووری شــارەکەت بکەیــت و بیپارێزیت.



### چالاکیی ناو پۆل

١. ئەگەر کەســێک ویســتی شــارەکەت پیس بکات هەڵوێســتت چی دەبێت؟

٢. لەکاتــی بینینــی دیاردەیەکی نامۆ یان کەســێکی گومانــاوی پەیوەنــدی بــە کــێ دەکەیــت؟

٣. ئارامیی و ســەقامگیری شــار ئەرکــی کێیە؟ بە هاوکاریی مامۆســتای بابەت لەســەر ئەم خاڵانــە گفتوگۆ بکەن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- زێد
٢- کولتوور
٣- شوناس (ناسنامە)
٤- پۆلیسی هاتوچۆ

# پەیوەندی نێوان پۆلیس و هاووڵاتی



## ئەرکی پۆلیسی هاتوچۆ:

بەهۆی پێشکەوتنی شارەکەم و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی ڕێگاوبانەکانی، بۆ ئەوەی سیمایەکی شارستانیانە بدەین بە شارەکەمان پێویستە ڕێز لەیاساکانی هاتوچۆ بگرین، پۆلیسی هاتوچۆ ئەرکێکی نیشتیمانی لەسەرە بۆ ڕێکخستنی هاتوچۆی ناوشار سەلامەتی هاووڵاتیان دەپارێزێ، هەموومان بەجێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ، هاوکاریی پۆلیسی هاتوچۆ دەکەین.




## ئەرکی پۆلیس:

ئەرکی هەموومانە هاوکاریی پۆلیس بکەین، بۆ دڵنیابوون لە ژیانێکی ئاسوودە و خۆشگوزەران، پۆلیسی پیشەیەکی پیرۆزە چونکە شار لە مەترسییەکان دەپارێزێت، کاتێک پۆلیس دەبینم هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکەم چونکە ئەرکی پاراستنی شارەکەمی لەئەستۆدایە و یاسا دەچەسپێنێت.

بۆ بەرز ڕاگرتنی ناوی شارەکەم ڕێز لە یاسا دەگرم

## چالاکیی ناو پۆل



بە هاوکاریی مامۆستای بابەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانت گرفتەکانی شار بە پێنج خاڵ بژمێرە.

## چالاکیی ماڵەوە




چــۆن دەتوانیــن لــە ئەنجامدانــی کارەکانیاندا هاوکاریی پۆلیســی هاتوچۆ و پۆلیسی شارستانی بکەین؟

بەهاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەوە.



### گەڕان

چۆن دەتوانیـن چارەسـەری گرفتەکانـی شـار بکەیـن؟ ئـەم بابەتـە لەگـەڵ کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت گفتوگۆ بکە، دواتر بە چوار خاڵ بینووسە.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

سەرنج دەدەم و کاری هەریەکێک لەم جۆرانەی پۆلیس دیاریی دەکەم.












یەکەی سێیەم

# پێکهاتەی شارەکەم



## بیرۆکەی سەرەکی

پایتەختی هەرێمی کوردستان ناوی (هەولێر)ە بە (ئەربیل) ناسراوە، بە کۆنترین شاری جیهان دادەنرێ تا ئێستا ژیانی تێدا بەردەوام بێت، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی دوو ملیۆن کەس دەبێت و چەندین نەتەوە و ئاینزای جیاوازی وەک کورد و عەرەب و تورکمان تیایدا دەژین و ئیسلام و کریستیان (کلد و ئاشوری) و ئێزیدی و ئەرمەنی و شەبەک و کاکەیی.. تێدا دەژین، شارێکی ئارام و سەقامگیرە.

## چالاکیی ناو پۆل



بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر گیانی پێکەوەژیان و هاوکاریی نێوان پێکهاتەی شارەکەت بکە.

## ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- پایتەخت
٢- ئاینزا
٣- سەقامگیر
٤- یەکترقبووڵکردن

# بەهێزکردنی زانیاری

زۆربەی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان هەر لەکۆنەوە جێگەی حەوانەوە و پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینی جۆراوجۆر بوون و یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی ئەم کۆمەڵگەیە گیانی هاوکاریی و دۆستایەتی  نێوان چین و توێژ و پێکهاتەکانی بووە.

لەهەرێمی کوردستان لەکاتی جەژنی موسڵمانان، هاووڵاتیانی کریستیان سەردانیان دەکەن و پیرۆزباییان لێ دەکەن و لەکاتی جەژنی کریستیانەکانیش بەهەمان شێوە. ئەمەش نموونەیەکی جوانی پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردنە لە کوردستان کە شانازی پێوە دەکرێت.



به پێکەوەژیان وڵات پێشدەکەوێت

## چالاکیی ناو پۆل



بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەن، چەند جۆرە پێکهاتە و ئاینزا لەشارەکەت هەیە؟

## چالاکیی ماڵەوە



لەکاتی بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکان ئەرکمان بەرامبەر بە پێکهاتە جیاوازەکان چییە؟
لەگەڵ کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت ئەمە گفتوگۆ بکە بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری.

### گەڕان



چۆن گیانی پێکەوەژیان لە شارەکەم بەهێز دەکەم؟ بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری یاخود بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت وەڵامی ئەمە بدەوە بە چوار خاڵ.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

ســەرنجی ئەم وێنانــە دەدەم و شــارەزای کولتوور و جلوبەرگی بەشــێک لە نەتــەوەکان دەبم.












## یەکەی چوارەم



# پاراستنی شارەکەم

**بیرۆکەی سەرەکی**

هەموومــان بەرپرســیارین لــە خۆشویســتن و پاراســتن و ڕێزگرتنــی یاســاو ژینگــەی شــارەکەمان. هۆشــیاریی و کارکردن بۆ پاراســتنی شــارەکەمان ئەرکی هەمووانــە، بەهــۆی ئارامیــی شــارەکەمان، دەتوانیــن لــە هەمــوو بوارەکانی ژیــان، پێشــکەوتن بــەدی بێنیــن، شــارەکەم چەندین شــوێنی گەشــتیاریی و شــوێنەواری مێژوویی و ئایینــی تێدایە.

## چالاکیی ناو پۆل



(لە پاراســتنی ژینگەی شــارەکەم بەشدار دەبم)

بــە هاوکاریــی مامۆســتای بابەت لەســەر ئەم دەستەواژەیە گفتوگۆ بکەن.

## ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- شوێنەوار
٢-- پیسبوون
٣- شوێنی گەشتیاری
٤- هۆشیاری

## بەهێزکردنی زانیاری

چەندین شوێنی گەشتیاریی و ئایینی و شوێنەواری مێژوویی لە شارەکانماندا هەیە، کە هەریەکێک لە تاکەکانی ئەم شارە شانازی بە بوونیانەوە دەکەن، لەوانە:

**١- شوێنە گەشتیارییەکان:**

ئەو شوێنانەن، کە خەڵک بۆ گەشت و سەیران و بەسەربردنی کاتەکانیان ڕووی تێدەکەن، لە کوردستاندا چەندین شوێنی گەشتیاریی هەن وەک ( هاوینەهەواری دوکان، ئەحمەد ئاوا، سیپە، سۆلاف، بێخاڵ، سەرسەنگ، گەلی عەلی بەگ، دەربەندی ڕانیە، سەرچاوەی زەڵم ... هتد).


**٢- شوێنەوارە مێژووییەکان:**

ئەو شوێنانەن کە چەندەها ساڵە لە شارستانییەتە کۆنەکان بۆمان ماونەتەوە، لە کوردستان چەندین شوێنەواری کۆن هەن وەک( قەڵای شێروانە، ئەشکەوتی قزقاپان، ئەشکەوتی شانەدەر، قەڵای هەولێر، قەڵای کەرکوک، ئەشکەوتی ئانیشکێ، مەزاری شێخ وسو ڕەحمان ( ڕەبەن بۆیا)، منارەی چۆلی (منارەی موزەفەرییە)، پردی دەلال ... هتد).



**پاراستنی شوێنەوارەکان ئەرکێکی نیشتمانییە**

## چالاكیی ناو پۆل



ڕۆڵـی هەریـەک لـە حکومـەت و هاووڵاتیـان لە پاکڕاگرتنی شار چییە؟

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

## چالاكیی ماڵەوە



بـە هـاوکاریی یەکێک لە ئەنـدامانی خـێزانەکەت شـوێنەوارە گەشتیاریی و مێژووییەکانی شـارەکەت بـژمـێرە.



## گەڕان

چـۆن پارێزگاری لەپاکوخاوێنی شـوێنە گەشـتیارییەکان دەکەین؟ ئەمـە لەگەڵ یەکێـک لـە ئەندامانـی خێزانەکەت گفتوگـۆ بکە، دواتـر بە چوار خاڵ بینووسـە.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

لەم وێنانەوە چی فێردەبم؟














بەشی دووەم

٢

# مافەکان

## ماف و ئەرکەکان

| | |
|---|---|
| یەکەی یەکەم | یەکسانی |
| یەکەی دووەم | جیاکاری |
| یەکەی سێیەم | ئازادی ڕادەربڕین |
| یەکەی چوارەم | بەدیهێنانی ئامانجەکان |

ماوەی جێبەجێکردن

ژمارەی هەفتە ٤

ژمارەی بەشەوانە ٨



# ئامانجی بەش

١. قوتابی واتای یەکسانی فێر دەبێت.

٢. بایەخ بە جۆرەکانی یەکسانی دەدات.

٣. جیاوازیی نەکردن لە نێوان هەردوو ڕەگەز فێر دەبێت.

٤. ڕێز لە بۆچوونی کەسانی دیکە دەگرێت.

٥. گرنگیی بە ماف و ئەرکی خۆی دەدات.

٦. هەوڵدەدات بۆ جێبەجێکردنی یەکسانی.

# یەکەی یەکەم



## یەکسانی

### بیرۆکەی سەرەکی

مامۆستای بابەت لە قوتابییان دەپرسێت: کێ دەزانێ مانای یەکسانی چییە؟
هەرقوتابییەک بە جۆرێک باسی یەکسانیان دەکرد.
یەکەم گوتی: یەکسانی بەهایەکی مرۆڤایەتییە.
دووەم گوتی: یەکسانی مانای ئەوەیە هەموو کەسێک لەبەردەم یاسادا وەکو یەکە.
سێیەم گوتی: هەموو کەسێک لە ئەرک و ماف یەکسانن.
مامۆستا گوتی: هەمووتان ڕاست دەکەن، ئازادن لە بیروڕاتان، یەکسانی بەشێکە لە دادپەروەری، مرۆڤەکان بە یەکسانی لەدایکبوون بۆئەوەی لە ئەرک، ماف، دەرفەتی ژیان، خوێندن، کارکردن و هەڵبژاردنی تایبەتمەندی ژیانیان یەکسان بن، ئەم یەکسانییە بە یاسا دەپارێزین.

### چالاکیی ناو پۆل



باوکێک سێ منداڵی هەیە، یەکێکیان پۆلی دوازدەیەمی ئامادەییە، یەکێکیان پۆلی حەوتەمی بنەڕەتییە، یەکێکیان پۆلی یەکەمی بنەڕەتییە. هەریەکە و پێنج هەزار دیناریان پێ دەدات بۆ خەرجی ڕۆژانەیان. ئایا ئەو باوکە کەسێکی دادپەروەرە، یان یەکسانی جێبەجێ دەکات؟ ئەم بابەتە بە هاوکاریی مامۆستای بابەت، گفتوگۆ بکەن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- یەکسانی
٢- ئازادی
٣- دادپەوەری
٤- دەرفەتی کارکردن

## بەهێزکردنی زانیاری

هەموومان لە ئەرک و مافەکان یەکسانین، یەکسانی لە ڕەگەز، ئایین و نەتەوە هێمای شارستانییەت و پێشکەوتنی گەلانە، من لەگەڵ هاوڕێکەم جیاوازم بەڵام لە ژیان و پێداویستیەکان یەکسانین. بە یەکسانی بەختەوەر دەژین.



دادپەروەری بەبێ یەکسانی نابێت، یەکسانیش بەبێ ئازادی بەدی نایەت

## چالاکیی ناو پۆل



هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە ،
لە مافەکانی ژیان یەکسانن.

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم دەستەواژەیە بکەن.

## چالاکیی ماڵەوە



جیاوازیی نێوان یەکسانیی و دادپەروەری چییە؟
بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەرەوە.




## گەڕان

بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری یاخود بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەم ، نموونەیەکی یەکسانیی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لە وڵاتەکەم باس دەکەم.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

یەکسانیی لە دادپەروەری جیا دەکەینەوە.



یەکسانیی کوڕ و کچ لە یاریکردن



یەکسانیی لە خوێندن



یەکسانیی لە یاریکردن بۆ هەمووان



بەچاوی یەکسانیی سەیری هەموو هاوڕێکانم دەکەم

یەکەی دووەم



# جیاکاری

## بیرۆکەی سەرەکی

جیاکاریی واتە (جیاوازیکردن لەنێوان مرۆڤەکان)، چ لە ڕووی ڕەگەز، یان نەتەوە و ئایین، یان زمان و ڕەنگ و تەمەنەوە، زۆرجار منداڵان بەهۆی جیاوازیی چینایەتی و ئایینی جیاواز و توانای جەستەیی ڕووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە، هەرچەندە منداڵ بە ئاسانی ناتوانێت سکاڵا لە دادگا تۆمار بکات، بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان لە جاڕنامەی مافەکانی منداڵان مادەی تایبەتی بۆ منداڵان داناوە بۆ ئەوەی بەرگری لە مافەکانیان بکەن .

## چالاکیی ناو پۆل



جیاکاری چییە؟ بۆچی مرۆڤەکان جیاوازی لەنێوان تاکەکان دەکەن؟
بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکە.

## ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- جیاکاری
٢- چینایەتی
٣- ماف
٤- سکاڵا

## بەهێزکردنی زانیاری

وڵاتــان ڕێوشــوێنی گونجــاو دەگرنە بــەر بۆ ئــەوەی پشــتگیری منداڵان بکــەن و لە هەمــوو جۆرە جیاکــارییـــــەک بیـانپـارێزن.




جیاوازیکردن لەنێوان مرۆڤەکاندا جۆرێکە لە پێشێلکردنی مافەکان

## چالاکیی ناو پۆل




١. چـــۆن حـكـومـــەت دەتوانێــت بەرگـری لە مـافـەکانی منداڵ بکـات؟

٢. چ کارێکی دایک و بـاوک بە جیاکاریی دەژمێردرێـت؟

بـە هاوکاریـی مامۆسـتای بابـەت قوتابیـان دەکرێـن بـە دوو گـروپ بـۆ ئـەوەی گفتوگـۆ لـەسـەر ئـەم بـابـــەتە بکـەن.

## چالاکیی ماڵەوە



جیاکاریی کۆمەڵایەتی چییە؟

بە هاوکاریـی یەکێک لـە ئەندامانـی خێزانەکەم وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە.

## گەڕان



چـۆن مافەکانـی منـداڵ لەلایـەن حکومەتـەوە دەپارێزرێـت؟ بـە سـوود وەرگرتـن لـە سـەرچاوەکانی زانیـاری یاخـود بـە هاوکاریـی یەکێـک لـە ئەندامانـی خێزانەکـەت وەڵامـی ئەمـە بـدەوە بـە چـوار خـاڵ.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

تێبینی ئەم وێنانە بکە چی دەگەیەنن؟



جیاوازیی کۆمەڵایەتی



توندوتیژی خێزانی



نا بۆ توندوتیژی دژی منداڵ



جیاوازیی لە ڕەنگ

## یەکەی سێیەم



# ئازادیی ڕادەربڕین

### بیرۆکەی سەرەکی

ئازادیی ڕادەربڕین، بە یەکێک لە ئازادییە بنەڕەتییەکانی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت. هەموو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان لە جیهاندا بایەخ بەم مافە دەدەن، هەرچەندە ئازادیی ڕادەربڕین بە ئازادییەکی ڕەها دانانرێت، هەندێ کۆت و بەندی لەسەر دانراوە.

ئازادیی ڕادەربڕین بریتییە لە ڕێگەدان بە مرۆڤ گوزارشت لە بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی بکات، ئەوەی لە هزریدایە لە ڕێگەی قسەکردن، نووسین و شێوازە جیاوازەکانی دیکە دەریببڕێت بێ ئەوەی مافی کەسانی تر پێشێل بکات. هەموو مرۆڤێک مافی ڕادەربڕینی هەیە.

## چالاکیی ناو پۆل



١. ئازادیی ڕادەربڕین چییە؟

٢. منداڵ لەچ کاتێک دەتوانێت ڕای خۆی دەرببڕێت؟

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم دوو خاڵە بکەن.

## ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- بیرورا

٢-کۆت و بەند

٣- ئازادیی ڕەها

٤- گوزارشتکردن

## بەهێزکردنی زانیاری

ڕادەربڕین چەند بنەمایەکی هەیە:

١. ئازادیـــی تـــاک لەدەربڕینـــی بیـــروڕای تایبەتـــی خۆی بەبـــێ ئەوەی کەســـێک دەســـت بخاتە ناو بیروبۆچونەکانـــی.

٢. ئازادیـــی وەرگرتنـــی هـــەواڵ و بیرۆکـــەی جـــۆراو جۆر کـــە بەشـــێوەیەکی ڕوون پێیـــی بدرێت، جا بەشـــێوەی نامەی نوســـراو، یا بیســـتراو، یـــان بینـــراو یاخـــود ئەلیکترۆنی.

٣. وەرگرتنی هەواڵی جیهانی و ڕادەربڕین بەبێ ئەوەی بە سنووریکی جوگرافییەوە بەسترابێتەوە.



ئازادی ڕادەربڕین یەکێکە لە سەرەکیترین مافەکانی مرۆڤ




## چالاکیی ناو پۆل

ڕۆڵــی ڕاگەیانــدن و میدیــا چییە لە هۆشــیاری کۆمەڵایەتی؟

لەگەڵ هاوپۆلەکانت و بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆی ئەم بابەتە بکە.



## چالاکییماڵەوە

چۆن سوود لە ئینتەرنێت وەربگرین؟

بــە ســـوود وەرگرتن لــە ســـەرچاوەکانی زانیاری و بەهاوکاریی کەسـێک لە ئەندامانی خێزانەکەت ئەم بابەتە ڕوون بکەوە و نموونەیەکی بۆ بهێنەوە.



### گەڕان

زۆربەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان باسی گرنگی ئازادی ڕۆژنامەگەری دەکەن، ئازادی ڕۆژنامەگەری و میدیا بە گرنگترین جۆری ئازادی ڕادەربڕین دادەنرێت. بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری، بە چوار دێر ئەم بابەتە بنووسە.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

ئەم وێنانە چی دەگەیەنن؟



ئازادیی ڕەها



گوزارشتکردن



ئاسۆیەکی گەش



کۆت و بەند


# بەدیهێنانی ئامانجەکان



## بیرۆکەی سەرەکی

هەر یەکێک لە ئێمە هیواو ئامانجێکی تایبەت بەخۆی هەیە، جا ئەو هیوایەی گەورە بێت یان سادەبێت، بوونی هیواو ئامانجێک بۆ ژیانی ئێمە گرنگییەکی زۆری هەیە. بەدیهێنانی ئامانج پەیوەندییەکی بە هێزی بە گەیشتن بە باری سەقامگیری دەروونی، کۆمەڵایەتی، خێزانی و خۆشگوزەرانییەوە هەیە، هەرکاتێ لە بەدەستهێنانی ئامانجە تایبەتییەکانت سەرکەوتوو بوویت ئەوا هۆکاری زیادبوونی متمانەبەخۆبوون لەناختدا زیاتر دەبێت، کرداری هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی توانای تاک بەرەو باشتر. گەر خەونەکانت بۆ دەوڵەمەندبوون، بوون هونەرمەندێکی بەناوبانگ، یا وەرزشوانێکی ناودار لە ئاستی کوردستان وجیهان، یان هەر هیوایەکی دیکەت بێت، هیچ شتێک دوا مەخە، هیواکانت لەبیرمەکە، ئامانجەکەت دیاریی بکە.

## چالاکیی ناو پۆل



١. دەبێت چی بکەین بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئامانجەی لە خەیاڵماندایە ؟

٢. چ ئاواتێکت بۆ دوارۆژ هەیە؟ بەهاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکە.

## ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- پلان

٢- سەرکەوتن

٣- ئامانج

٤- بەدیهێنان


## بەهێزکردنی زانیاری

### هەنگاوەکانی گەیشتن بە ئامانج چین؟



- بڕیار بدە چیت دەوێ؟ دەتەوێ خۆشبەخت بی، یان کەسێکی بەناوبانگ و دەوڵەمەند
- ئەو وشانەی لە خەیاڵتە هەوڵبدە لێی تێبگەی، بۆ نموونە بەناوبانگ، یاریزان، هونەرمەند، مامۆستا.
- لەخۆت بپرسە بۆچی دەتەوێ ببی بەو شتەی هەڵتبژاردووە؟ بۆ شتێکی دیکەت هەڵنەبژاردووە؟
- بیربکەوە ئاخۆ ئەو ئامانجە ڕاستییە یان زەحمەت و خەیاڵییە. ئەوکات کاری لەسەر بکە گەر زەحمەت و ئەستەم بوو ئەوا بیگۆڕە بە ئامانجێکی دیکە.

### چۆن دەتوانین لە بەدیهێنانی ئامانجەکانمان سەرکەوتوو بین؟




**بڕوابەخۆبوون کلیلی سەرکەوتنە**

## چالاکیی ناو پۆل



پێویستە مرۆڤ لە ئەنجامدانی هەر کارێک پشت بەکێ ببەستێت؟

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت لەگەڵ هاوپۆلەکانت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەرەوە.

## چالاکیی ماڵەوە



چۆن پلان بۆ کاتەکانت دادەنێیت؟

بە هاوکاریی کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت پلانێک بۆ کاتەکانت دابنێ و پاشان لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆی لەسەر بکەن.




### گەڕان

پێویستە هەموو مرۆڤێک پلانێکی دیاریکراوی هەبێت بۆ ئەوەی لە ژیان سەرکەوتووبێ و بگات بە ئامانجەکانی. بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری، بە چوار دێڕ لەسەر ئەم بابەتە بنووسە.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

ئەم وێنانە چی دەگەیەنن؟



دەبم بە یاریزان



دەبم بە پزیشک



دەبم بە مامۆستا




دەبم بە پۆلیس

بەشی سێیەم

# ٣

# کارامەیەکان


# کارامەییە کەسییەکان

| | |
|---|---|
| یەکەی یەکەم | ناسینی خود |
| یەکەی دووەم | ڕێزگرتنی خود |
| یەکەی سێیەم | گرنگییدان بەخود |
| یەکەی چوارەم | ڕەخنە لەخۆگرتن |

ماوەی جێبەجێکردن

ژمارەی هەفتە ٤

ژمارەی بەشەوانە ٨



# ئامانجی بەش

١. قوتابی لە واتای خودناسی تێدەگات.

٢. ڕێگەکانی خودناسی دەناسێت.

٣. ڕێز لەخودی خۆی دەگرێت.

٤. فێری هەڵسەنگاندنی خود دەبێت.

٥. مەرجەکانی ڕەخنە لە خۆگرتن دەزانێت.

# یەکەی یەکەم


## ناسینی خود



### بیرۆکەی سەرەکی

خودناسی بریتییە لە ناسینی کەسێک بۆ خودی خۆی، بیروباوەڕەکانی، کارامەییەکانی، هەموو پێکهاتەی کەسایەتی و عەقڵ و جەستەی خۆی، خودناسی واتا پێویستە کار لەسەر خۆمان بکەین و کارکردن لەسەر خود بەشێکە لە خودناسی. بۆ زاڵ بوون بەسەر کەموکوڕییەکان و دەرخستنی توانا و بەهرە شاراوەکان پێویستیمان بە خودناسی هەیە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و توانای داهێنان لە بوارە جیاوازەکاندا. هەموومان دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ کاری ڕۆژانەی خۆمان بکەین خاڵە بەهێز و لاوازەکان دەستنیشان بکەین، ئەمەش بنەمای سەرەکی متمانە بەخۆبوونە.

### چالاکیی ناو پۆل



باوەڕ بەخۆبوون چەند کاریگەری لەسەر خودناسی هەیە؟ لەگەڵ هاوپۆلەکانت، بە یارمەتی مامۆستای بابەت، گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- خود
٢- متمانە
٣- ئیرادە (ویست)
٤- هۆشمەندی

## بەهێزکردنی زانیاری

### مەرجەکانی خودناسین

**١ - تواناکانم دەزانم**

دەزانم توانام چەندە، دەبێت کارێک ئەنجام بدەین لەگەڵ تواناکانمان بگونجێت.

**٢ - کەموکوڕی خۆم دیاری دەکەم**

من کەم و کوڕییەکانی خۆم دیاری دەکەم، وەکو پابەند نەبوون بەکات و جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانم، بۆیە پێویستە دان بە کەموکوڕی خۆمان دابنێین و ڕاستگۆیانە لەگەڵ خودی خۆمان بدوێین. بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بین دەبێ خاڵە لاوازەکانی خۆمان دیاریی بکەین و هەوڵبدەین بۆ گۆڕینیان بە خاڵی بەهێز

**٣ - لایەنە باشەکانی خۆم دەزانم**

پێویستە هەموو تاکێک خاڵی بەهێزی خۆی بزانێت و زیاتر گرنگیی پێبدات و باشتری بکات.

**٤ - پشت بەخۆم دەبەستم**

پشت بەخۆمان ببەستین و متمانەی تەواومان بە تواناو هێزی خۆمان هەبێت، هەرگیز بەرامبەر کارە قورسەکان نەترسین و بەرگەی ناخۆشییەکان بگرین.

من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم

## چالاکیی ناو پۆل



١- ئەو ڕەفتارە نەرێنییەی کە خۆت بە دڵت نییە بینووسە بۆ ئەوەی بیگۆڕیت.

٢- چۆن هێزی متمانە بەخۆبوون بەدەست دێنین؟

لەگەڵ هاوپۆلەکانت بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم دوو خاڵە بکەن.

## چالاکیی ماڵەوە



مرۆڤ تا خۆی خۆش نەوێت

کەسانی دیکەشی خۆشناوێت

بەهاوکاریی کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت،

بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری مانای ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە ڕوون بکەرەوە.



## گەڕان

چۆن ڕەفتارە خراپەکانی خۆمان ڕاست دەکەینەوە ؟ بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری یاخود بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت بەچوار خاڵ بیژمێرە.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

چی لەم وێنانە فێردەبم.


تێڕامان


بیرکردنەوە


متمانە بەخۆبوون


ڕەخنە

یەکەی دووەم



# ڕێزگرتن لە خود

## بیرۆکەی سەرەکی

ڕێزگرتن یەکێکە لە ڕەفتارە جوانەکانی مرۆڤ، چ بۆ خودی خۆت، چ بۆ کەسانی بەرامبەر، هەموو مرۆڤێک جێگەی ڕێز و گەورەییە، پێویستە ڕێز لەهەموو کەسێک بگرین، گەورە بێت یان بچووک، لە نەتەوەیەکی دیکە یا ئاینێکی جیاوازیش بێت، کەواتە ڕێزگرتن لە خود سەیرکردنی خۆتە تا چەند بەرزو خۆشەویستی لای کەسانی دیکە.

مرۆڤ پێویستە بەهای خۆی بزانێت و بەنەرێنی سەیری کەسایەتی خۆی نەکات، ویستێکی بەهێزی هەبێت، بۆ ئەوەی کەسایەتی خۆی بسەلمێنێت، چونکە مرۆڤ تا بەهای خۆی نەزانێت، کە مرۆڤێکە خاوەنی توانا و بەهرەیەکی گەورەیە، ناتوانێ ئەرک و بەهرەکانی خۆی بخاتە ڕوو.

## چالاکیی ناو پۆل



به چ شێوەیەک ڕێز لەخۆت دەگریت؟

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت لەبارەی ئەم بابەتەوە بدوێ.

## ئەو چەمکەی فێری دەبم

- ١- بەها
- ٢- کەسایەتی
- ٣- توانا
- ٤- خۆسەلماندن

## بەهێزکردنی زانیاری

چەند ڕێگەیەک بۆ ئەوەی هەست بە ڕێزی کەسایەتی خۆت بکەیت:

١. متمانەت بە خۆت هەبێت، خۆت بەکەس بەراوورد مەکە.

٢. بەهێزیی کەسایەتیت لە بەهێزیی بیرکردنەوەی باشەوەیە، هەرگیز بەنەرێنی سەیری خۆت مەکە.

٣. هەمیشە هەوڵبدە لایەنە باشەکانی کەسایەتیت بۆ کەسانی دیکە دەربخەیت.

٤. واز لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارە خراپەکانت بێنە، هەندێ هەڵسوکەوت و ڕەفتار هەیە خۆتی لێ بەدوور بگرە، هەمیشە شانازیی بە خۆتەوە بکە کە هەیت، دڵخۆش بە، هەوڵدە، بەردەوام بە.



ڕێزگرتن لە خەڵک مانای ڕێزگرتنە لە خود


## چالاكیی ناو پۆل



لەكاتی پێویست بیر لە یارمەتیدانی كەسانی دیكە بكەوە.

ئەمە لەگەڵ هاوپۆلەكانت، بە هاوكاریی مامۆستای بابەت،گفتوگۆ بكە.

## چالاكیی ماڵەوە



هەموو مرۆڤێك شایەنی ڕێزگرتنە.

ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ یەكێك لە ئەندامانی خێزانەكەت گفتوگۆ بكە، دواتر چوار دێڕ لەسەر ئەم دەستەواژەیە بنووسە.

## گەڕان



(ڕێزی خەڵك بگرە ، ڕێزی خەڵك وەرگرە) بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەكانی زانیاری، یاخود بە هاوكاریی یەكێك لە ئەندامانی خێزانەكەت ئەم دەستەواژەیە لێك بدەوە. دواتر بە چوار دێڕ لەسەر ئەم بابەتە بنووسە.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

چۆن ئەم وێنانە لێک دەدەیتەوە؟



کاری خۆبەخشی



یارمەتیدان



ڕێزگرتنی لایەنی بەرامبەر



یارمەتیدانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

# یەکەی سێیەم



## گرنگیدان بە خود

### بیرۆکەی سەرەکی

خود واتە بیرکردنەوە لەخۆمان، بۆ نموونە من قوتابییەکی دە ساڵانم، لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی دەخوێنم، شەرم ناکەم، ڕێز لە هەموو کەسێک دەگرم، لە بابەتی زانست زیرەکم، حەزم لە وێنەکێشانە، بەردەوام لەگەڵ هاوپۆلەکانم ڕووخۆش و میهرەبان دەبم، من دەمەوێت هاوکاریی هاوڕێکانم بکەم و دۆستی قوتابخانە بین و ڕێز لە بۆچوونەکانی یەکتر بگرین.

### چالاکیی ناو پۆل



١. چۆن دەتوانین گرنگیی بە خۆمان بدەین؟

٢. هاوڕێکەت حەز و ئارەزووی لەتۆ جیاوازە چۆن ڕێز لە جیاوازیەکانی دەگریت؟

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم خاڵانە بکە.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- شەرم
٢- کەسایەتی
٣- ئارەزوو
٤- میهرەبان

# بەهێزکردنی زانیاری

## گرنگییدان بە خود پشت بە سێ هۆکار دەبەستێت

| خاوەندارییەتی هەستکردن بە لێهاتوویی و | پەسەندکردن هەستکردن بە ئینتیما و | کاریگەری کەسایەتی |
|---|---|---|
| تا چ رادەیەک باوەڕمان هەیە لەبوارێکی تایبەتدا خاوەنی توانایەکی دیاریکراوین و دەتوانین هەڵسەنگاندن بۆ تواناکانمان بکەین، دەبێتە هۆکاری متمانە بەخۆبوونی زیاتر. ئەمەش هاندەری بڕیاردانە. | واتە تا چ ئاستێک ئینتمامان بۆ کۆمەڵگە و دەوروبەر هەیە تا چەند ڕێزمان لێدەگیرێت و چەند خۆمان خۆش دەوێت و کەسایەتی خۆمان لا پەسەندە. | واتە تێگەیشتن بەو توانایەی هەمانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شتانەی بەسەرمان دێ و بەرپرسیارێتی لە چارەسەرکردنی گرفتەکان. |



متمانە بەخۆبوون مایەی سەرکەوتنی مرۆڤە

## چالاكیی ناو پۆل



١. چۆن دەتوانیت كەسێكی سەركەوتوو بیت؟
٢. ترس و شەرم چ كاریگەریان لەسەر سەركەوتن هەیە؟

لەگەڵ هاوپۆلەكانت بە هاوكاریی مامۆستای بابەت ئەم دوو خاڵە گفتوگۆ بكەن، .

## چالاكیی ماڵەوە



چۆن دەتوانین ببینە كەسایەتییەكی كۆمەڵایەتی؟
ئەمە لەگەڵ كەسێك لە ئەندامانی خێزانەكەت بە چوار دێڕ باسبكە.



### گەڕان

چۆن متمانەی چواردەورەكەم بەدەست بهێنم ؟ بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەكانی زانیاری، یاخود بەهاوكاریی یەكێك لە ئەندامانی خێزانەكەت بە چوار خاڵ لەسەر ئەم بابەتە بنووسە.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

ئەم وێنانە چی دەگەیەنێت؟


بایەخ بەخۆدان



بەدیهێنانی ئارەزوو


شەرمکردن


کەسایەتی بەهێز

# یەکەی چوارەم



## ڕەخنە لەخۆگرتن

### بیرۆکەی سەرەکی

هەردی دوای ئەوەی زانکۆی تەواو کردو لە هەمان قوتابخانەی گوندەکەی وەک مامۆستا ناوی دەرچوو، کاتێ ئەم هەواڵەی بیست زۆر دڵخۆش بوو، ڕۆژی دواتر جانتایەکی پێداویستییەکانی ئامادەکرد و ڕووی لە گوندەکەی خۆیان کرد بۆ ئەوەی کاری مامۆستایەتی بکات و لەوێ وانە بڵێتەوە، لە ڕێگە هەموو ئەو ڕۆژانەی منداڵیی خۆی بەبیر هاتەوە، کە لە قوتابخانە و دەشت و دەر و ناو باخ و بێستان بەڕێکردبوو، بیری هاتەوە کاتێ لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی بوو، منداڵیکی بزێو بوو، هەر خەریکی یاریکردن بوو، گوێی بە ئامۆژگاری مامۆستا و خێزانەکەی نەدەدا و زۆر گرنگی بە خوێندن نەدەدا. تا کۆتایی ساڵ لە زۆربەی وانەکان کەوت، کاتێ گەڕایەوە ماڵەوە دایکی و باوکی زۆر ئامۆژگاریان کردبوو، ئەویش تا بەیانی گریابوو، ساڵێکی تەمەنی لەدەست چوو، بۆیە پەیمانی بە دایک و باوکیدا لە ساڵی داهاتوو گرنگیی بە وانەکان بدات و کاتی یاریکردن دیاریی بکات، ئیتر لەو ڕۆژەوە دەستی بە خوێندن کرد و بەردەوام بوو تا ئامادەیی تەواو کرد و ناوی لە کۆلیژ دەرچوو. ئێستاش بۆتە مامۆستای گوندەکەی خۆی تا منداڵانی گوندەکەی فێری پەروەردە و خوێندن بکات و لە داهاتوو ببن بە کەسانێکی سەرکەوتوو.




### چالاکیی ناو پۆل

١. ئەو چیرۆکەی سەرەوە چیمان فێر دەکات؟
٢. هەردی کەی بڕیاریدا بخوێنێ؟
٣. بۆچی پێویستە کاتی خۆمان دابەش بکەین؟

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم خاڵانە بکەن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- بزێو
٢- دابەشکردنی کات
٣- پەیمان
٤- بڕیار

## بەهێزکردنی زانیاری

ڕەخنــە لەخۆگرتــن بریتییە لەوەی مــرۆڤ پێداچوونــەوە بۆ کارە بــاش و خراپەکانی خــۆی بکات، بزانێــت چــۆن لەکاتــی ئەنجامدانی هــەر کار و ڕەفتارێــک، خۆی هەڵدەســەنگێنێت.

مــرۆڤ کاتــێ ڕەخنــە لــە کارەکانــی خــۆی دەگرێــت، ئەمــە دەبێتــە گەشــەکردن و بەرەوپێشــچوونی کەســایەتی خــۆی ئەویــش لــە ڕێگــەی دانانــی پلانێــک، کــە بــە ئــارەزوو و ئیــرادەی خــۆی بــۆ بەدەســتهێنانی ئامانجێکــی دیاریکــراو، ئەمــەش دەبێتــە هــۆی گۆڕانــی بــەردەوام بــەرەو باشــتر و کاری نوێتــر.




ڕەخنەی دروست کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بونیات دەنێت



## چالاکیی ناو پۆل

١. کاتێ هاوڕێیەکت ڕەخنەت لێ دەگرێت تۆ چی دەکەیت؟

٢. ڕەخنەگرتن دەبێتە هۆی سەرکەوتن یان تێکشکان؟

لەگەڵ هاوپۆلەکانت بە هاوکاریی، مامۆستای بابەت، گفتوگۆ لەسەر ئەم دوو خاڵە بکەن.



## چالاکیی ماڵەوە

سوودەکانی ڕەخنە لەخۆگرتن چییە؟

بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری یاخود بە هاوکاریی کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت سوودەکانی ڕەخنە لەخۆگرتن بە چوار خاڵ بژمێرە.



### گەڕان

ڕەخنە لەخۆگرتن کردارێکە بۆ دیاریکردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ژیانی ڕۆژانە. بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری هەنگاوەکانی ڕەخنە لەخۆگرتن بە چوار خاڵ بنووسە.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

ئەم وێنانە مانای چی دەگەیەنن؟



بڕوابەخۆبوون



گرنگیی کات



خەمۆکی



کەسایەتی بەهێز

## بەشی چوارەم
## ٤

# بەهاکان

# بەها مرۆڤایەتییەکان

| | |
|---|---|
| یەکەی یەکەم | ئاشتی |
| یەکەی دووەم | لێبوردەیی |
| یەکەی سێیەم | پێکەوەژیان |
| یەکەی چوارەم | دەستپێشخەری |

ماوەی جێبەجێکردن

ژمارەی هەفتە ٤

ژمارەی بەشەوانە ٨

# ئامانجی بەش

١. گەشەپێدانی چەمکی ئاشتی لای قوتابی.

٢. قوتابی فێری ڕێزگرتن لە پێکەوەژیان دەبێت.

٣. بەهێزکردنی هەستی پێکەوە ژیان

٤. داننان بە مافەکانی کەسانی دیکە لە پیادەکردنی ماف و ئازادییەکان.

٥. بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و ئەو چەمکانەی یارمەتیدەرن لە قبووڵکردنی جیاوازییەکاندا.



# یەکەی یەکەم

## ئاشتی



### بیرۆکەی سەرەکی

چەمکی ئاشتی بە پێچەوانەی چەمکی جەنگ و توندوتیژی و ناکۆکی، بەکاردێت، ئاشتی تەنیا بە مانای دۆخێکی ئارام و هێمن و دوور لە شەڕ و ئاژاوە نایەت، بەڵکو بوونی ئاشتی لە کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی سەقامگیری و بەدیهێنانی مافەکانی مرۆڤ و دەستبەرکردنی مافەکانی منداڵان و پەرەپێدانی لایەنی ژیانیان. منداڵان گەورەترین قوربانی جەنگ و توندوتیژین، بەڵام لەهەمان کاتیشدا باشترین و کاریگەرترین توێژی کۆمەڵگەن بۆ پاراستن و بەهێزکردنی کولتووری ئاشتەوایی، ئاشتی مانای پێکەوەژیانی جیاوازییەکانە، کە لابردنی مەترسییەکانی سەر ژیانی کەسانی دیکەیە.

### چالاکیی ناو پۆل



- پێکەوەژیان، هاوکاریی، ئەنجامدانی کاری چاکە و لێبووردەیی بناغەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوون.

بەهاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکەن..

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- ئاشتی    ٢- جەنگ    ٣- ناکۆکی    ٤- پێکەوەژیان

## بەهێزکردنی زانیاری

**مەبەست لە ئاشتی لەنێو نەتەوەو کۆمەڵگەدا:**

بڵاوبوونەوەی پێکەوەژیانە لەنێوانیاندا بەشێوەیەک ژیانیان دەگوزەرێنن و ئارەزوویەکی هاوبەش بۆ بەجێهێنانی کارەکانیان هەیە، هەڵدەستن بە بەگەڕخستنی هەموو توانا جۆربەجۆرەکانن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان بەبێ پێشێل کردنی مافەکانیان.



بۆ بەدیهێنانی ئاشتی، یەکترمان خۆشدەوێت


## چالاکیی ناو پۆل



لەکاتی ئاشتیدا مافەکانی منداڵان پارێزراون.

لەگەڵ هاوپۆلەکانت بە هاوکاریی مامۆستای بابەت ئەم دەستەواژەیە شیبکەنەوە.

## چالاکیی ماڵەوە



بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری، چوار دێر لە هۆنراوەیەکی منداڵان دەربارەی ئاشتی بنووسە.



### گەڕان

بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری یاخود بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت ڕێکەوتی ڕۆژی جیهانی ئاشتی دیاری بکە.

**تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە**

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت ،مانای ئەم وێنانە شیبکەوە.












## یەکەی دووەم

# لێبوردەیی



### بیرۆکەی سەرەکی

چەمکی لێبوردەیی پێچەوانەی چەمکی تۆڵەسەندنەوەیە، لێبوردەیی بەهیچ شێوەیەک مانای لاوازی و بچووکی مرۆڤ ناگەیەنێت، بەڵکو نیشانەی هێز و بڕیاردانە، دەگوترێت لێبوردەیی هەوێنی پێکەوەژیانی هاوبەشە بۆ ئاشتەوایی، مرۆڤایەتی دوور دەخاتەوە لە بزواندنی دەمارگیری تاک یان کۆمەڵگە، لە ڕێگەی کولتووری لێبوردەییەوە کۆمەڵگەیەک دروست دەبێت گیانی یەکتر قبوڵکردن و دوور لە توندوتیژی تێدا ڕەنگ دەداتەوە.

### چالاکیی ناو پۆل



کاتێک دەتەوێت لە کەسێک ببوری، چ هەستێک دەبێتە ڕێگر بۆ ئەوەی لێی نەبوریت: وەک توڕەیی، ترس، ئیرەیی، ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە ... هتد؟
بەسەرپەرشتی مامۆستای بابەت بە گروپ، لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ بکەن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- تۆڵەسەندنەوە
٢- ئاشتەوایی
٣- پێکەوەژیان
٤- قبووڵکردن

# بەهێزکردنی زانیاری

ئازا و خێزانەکەی ئێوارە بەیەکەوە دانیشتبوون. ئازا لە باوکی پرسی: لێبووردەیی چییە؟ باوکی گوتی: واتە ئێمەی مرۆڤ کە بەیەکەوە لەناو خێزانێک یان لەناو کۆمەڵگە دەژین، هەموو کاتێ لەوانەیە هەڵە بەرامبەر کەسێکی دیکە بکەین، چونکە مرۆڤ بەپێی تەمەن و کاتەکانی ژیانی تووشی هەڵە دەبێت. کاتێ هەڵە دەکەین پێویستە داوای لێبوردن بکەین، بڵێین: ببوورە من هەڵەم کرد. نابێ کاتێ هەڵە بووین و لەسەر هەڵەکەی خۆمان سوور بین، پێویستە هەوڵی چاککردنی هەڵەکە بدەین. جارێکی دیکە دووبارەی نەکەینەوە، بۆ ئەوەی ڕێز لە کەسایەتی هەموو مرۆڤێک بگرین و نەهێڵین بەهۆی هەڵەکانمانەوە هاوڕێ و کەسەکانمان لێ دوور بکەوێتەوە و نێوانمان سارد بێت. دواى گوێبیستبوونی قسەکانی باوکی، ئازا بڕیاریدا، لە ئاست ئەو هەڵەیەی کە بەرامبەر سەرداری هاوڕێی کردبووی و لە قوتابخانە گاڵتەی بە جلوبەرگە کۆنەکانی کردبوو بچێت داوای لێبوردنی لێ بکات و دڵی چاک بکاتەوە.



لێبوردەیی گیانی هاوکاریی و پێکەوەژیان بەهێز دەکات

## چالاکیی ناو پۆل



دانا قوتابییە لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی مامۆستای هونەر داوای لێکردبوو، وێنەیەک بکێشێت، کاتێ دانا خەریکی کێشانی وێنەکە بوو خوشکە بچووکەکەی کە ناوی شارایە تۆپتۆپێنی دەکرد، لەپڕ تۆپەکەی شارا بەر وێنەکەی دانا کەوت و وێنەکە درا. بۆیە دانا زۆر لە شارا تورە بوو ویستی لە شارا بدات، شارا گوتی: ببورە نەمزانی هەڵەم کرد. لەو کاتە دانا وتەی مامۆستاکەی بیرکەوتەوە کە پێی گوتبوون لەکاتی تورەبوون پێویستە ئارام و خۆڕاگر بین و بەرامبەر هەڵەی کەسانی دیکە لێبووردە بین، بۆیە دەستی کردە ملی شارا و لێی خۆش بوو.

لەگەل هاوپۆلەکانت و بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم چیرۆکە بکەن.

## چالاکیی ماڵەوە



- ئەو سوودانە چین کە لێبووردەیی دەستت دەکەون؟
- لە لێبووردەییدا هەست بەچی دەکەیت و چۆن هەڵوێستت باشتر دەبێت؟
- کاتێ کەسێک هەڵەیەکت بەرامبەر دەکات ڕەفتارت چۆن دەبێت ؟

بەهاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت وەڵامی ئەم خاڵانە بدەرەوە.



### گەڕان

بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری یاخود یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت، بە چوار دێر باسی کولتووری لێبووردەیی بکە لە کوردستان.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت، مانای ئەم وێنانە شیبکەرەوە.


ئاشتەوایی


پێکەوە ژیان


پێکهاتنەوە


لێبوردن

یەکەی سێیەم

# پێکەوەژیان



## بیرۆکەی سەرەکی

بەدرێژایی مێژوو کوردستان لانکەی شارستانیەتی و پێکەوەژیانی نەتەوە جۆربەجۆرەکان بووە و چەندین نەتەوە و ئاینزای جیاوازیی تێدا ژیاوە. پێکهاتەکانی کوردستان هەمیشە وەکویەک نەتەوە و یەک کۆمەڵگە هاوکاریی یەکتریان کردووە و پەیوەندی لەمێژینەیان لەنێواندا هەبووە، کەسیان لەسەر جیاوازیی نەتەوەیی، یان ئایینی ڕووبەڕووی توندوتیژی و خراپە نەبوونەتەوە، بۆیە پێویستە هەموو تاکێک ڕێز لەو یەکڕیزی و پەیوەندییە مرۆڤدۆستیە بگرن و بەهێزی بکات، نابێت دژی پێکهاتەی نەتەوەیی یان ئایینی بوەستین، چونکە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو ئەو کۆمەڵگەیە بتوانێت ڕێز لە جیاوازیی بۆچوون و بیروباوەڕو ڕەگەزی مرۆڤەکان بگرێت.

## چالاکیی ناو پۆل



- لەهەرێمی کوردستان چەند پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی هەیە، بیانژمێرە؟
- دراوسێیەکەمان لە نەتەوەی ترە، چۆن ڕێز لە کەسایەتی دەگرین؟

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم خاڵانە بکەن.

## ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- بیروباوەڕ

٢- پێکهاتەی جیاواز

٣- لانکەی شارستانیەت

٤- مرۆڤدۆستی

## بەهێزکردنی زانیاری

دوای سەیرکردن و بیرکردنەوە لە نەخشەی هەرێمی کوردستان، ئەم خاڵانەی خوارەوەم بۆ دەردەکەوێت:

١. هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان یەک نەتەوە نین، بەڵکو لەکۆمەڵێک نەتەوەی جیاواز پێکدێت.

٢. هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان یەک ئاینییان نییە بەڵکو چەندین ئایین و پەیڕەو لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە هەریەکەیان بەوپەڕی ئازادی بۆنە و سرووتە ئایینیەکەی خۆی ئەنجامدەدات.

٣. هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە یەک زمان قسە ناکەن، بەڵکو چەندین زمان و شێوەزار لە کوردستان هەن، هەریەکێک لەوانە سەربەست و ئازادە لە قسەکردن بەزمانی خۆی.




پێکەوەژیان هێمای پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە


## چالاکیی ناو پۆل



چی بکەیــن بۆ ئــەوەی پارێزگاری لــە پێکەوە ژیــان بکەین؟

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

## چالاکیی ماڵەوە



• چەنــدە ناکۆکیەکان زۆربن ناتوانــن پێکەوەژیان لە کوردستان کاڵ بکەنەوە.

• یەکێک لە شــانازیەکانی گەلی کوردستان ئەوەیە رێز لە پێکەوەژیان دەگرێت .

بــە هاوکاریــی یەکێک لە ئەندامانــی خێزانەکەت لەســەر ئەم خاڵانە بە چــوار دێر بنووســە و نموونەی پێکەوەژیانــی بۆ بهێنەوە.



### گەڕان

بــە ســوود وەرگرتن لــە ســەرچاوەکانی زانیــاری یاخود بە هاوکاریــی یەکێک لــە ئەندامانــی خێزانەکەت، بــە چوار خاڵ لەســەر گرنگیی پێکەوەژیان بنووســە.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

سەرنجی ئەم وێنانە بدەو بیرۆکەیەک دروست بکە.



ڕێز لە پێکەوەژیان دەگرین



هەموو پێکەوە بە ئاشتی دەژین



ڕێز لە بیروباوەڕ و ئایینی یەکدەگرین



یارمەتی یەکدەدەین

# دەستپێشخەری

## بیرۆکەی سەرەکی

دانیار لە قوتابخانەی خۆیان هەستی کرد کۆمەڵێک قوتابی هەن باری گوزەرانیان خراپە و لە خێزانێکی هەژارن، ئەمەش کاری کردۆتە سەر ئاستی فێربوون و زانستییان، دانیار لەگەڵ هاوڕێکانی گفتوگۆیکرد دەستپێشخەری بکەن کەوا هەر یەکێک لە ئێمە لەگەڵ دایک و باوکمان گفتوگۆ بکەین هەر یەکەی بەپێی توانا هاوکاریەک پێشکەش بکەین و لە سندوقێکدا دابنرێت، مانگانەش دابەش بکرێت بەسەر قوتابییە هەژارەکاندا. ئەم کارە بووە هۆی دڵخۆشی بۆ هەمووان. قوتابییەکان سوپاسی دانیاری هاوڕێیان کرد لە بۆ ئەو دەستپێشخەریە.

## چالاکیی ناو پۆل



قوتابیەک زۆر دڵگران بوو کاتێ زانی چەندین منداڵ بەهۆی شەڕەوە ئاوارەی شارەکەی ئەوان بوون، هەوڵیدا لە ڕێگەی بەڕێوەبەرەوە دەستپێشخەرییەک بکات. داوای لە قوتابیان کرد، هەر یەکە و بەگوێرەی توانای خۆی یارمەتی منداڵانی ئاوارە بدەن، ئەمەش هەستی قوتابیانی جوڵاند و بۆ بەیانی هەریەکە بڕێک پارەیان هێنا تا بەشداری لەم کارە مرۆڤانەیە بکەن.

• ڕات چییە دەربارەی ئەو دەستپێشخەریە؟ تۆ ئامادەی ڕۆژێک لە ڕۆژان کارێکی لەو شێوەیە بکەی؟ لەگەڵ هاوپۆلەکانت بەهاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەمە بکەن.

## ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- پێشنیاز

٢- هەڵوێست

٣- پەسندکردن

٤- خاوەن پێداویستی تایبەت

## بەهێزکردنی زانیاری

دەستپێشخەری یەکێکە لەو بەها مرۆڤایاتییانەی هەر کەسێک دەتوانێت هەوڵی کاری چاک و گرنگ بدات. بۆ نموونە پێکهاتنەوەی نێوانی دوو هاوڕێ، یا ڕێنمایکردنی هاوڕێیەک، یان کۆمەک و یارمەتیدانی کەسانێک کە پێویستیان بە پاڵپشتیکردنە. جا هەژاربن یان خاوەن پێداویستی تایبەت بن. کاری چاکە هەمیشە جێی دەستخۆشی و ڕەزامەندی خەڵکی لێدەکەوێتەوە. کاری خراپە و قسەی خراپ مایەی نیگەرانیی و دڵتەنگی مرۆڤەکانە، بۆیە تا دەتوانی کار بۆ سەرخستنی پێشنیازی چاک بکە و دوودڵ مەبە لە هەڵوێستی مرۆڤانە.



دەستپێشخەری یارمەتیدەرە بۆ کاری بە گروپ

## چالاکیی ناو پۆل



مامۆستا قوتابیان دابەش دەکات بۆ چەند گروپێک تا لەبارەی هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی دەستپێشخەری گفتوگۆ بکـــــەن.

## چالاکیی ماڵەوە



چ کاتێک دەستپێشخەری دەکەین؟ ئەمە گفتوگۆ بکە بـــە هاوکاریـــی یەکێک لـــە ئەندامانـــی خێزانەکەت و بە چوار دێر بینووسە.



### گەڕان

دەستپێشخەری دەبێتە هۆی بەهێزبوون و پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی؟ بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت گفتوگۆی ئەمە بکە.

## تێبینی دەکەم و وەڵام دەدەمەوە

سەرنج بدە و تێبینی بکە و بە هاوکاریی مامۆستای بابەت ئەم وێنانە شییبکەرەوە:


پێشنیازکردن


بڕیاردان


هۆشیاری ژینگەیی


دەستپێشخەری

# بەیەکەوە کارکردن
# بۆ گەڕەکێکی خاوێن



# پاکوخاوێن ڕاگرتنی شارەکەت ئەرکێکی نیشتیمانییە.



## پارێزگاری لە ڕێژەی شەکری خوێنی لەش بکە..
## تەندروستیت جێگەی بایەخمانە



کەمکردنەوەی ڕێژەی شەکری خوێن لەڕێگەی:

- خواردنی خۆراکی تەندروست.
- وەرزشکردن.
- کەمکردنەوەی کێشی زیادە.
- کەمکردنەوەی فشاری دەروونی.
- ڕێکخستنی کاتی خەوتن.

**خۆراکی تەندروست سەرچاوەی هێزمانە**




شەکری
بەسوود



شەکری
زیانبەخش

# تۆ خاوەن بڕیاری


ڕەفتاری نەشیاو
SCHOOL BUS
سەلامەتیمان لە هۆشیاری هاتوچۆیە

# هێماکانی هاتوچۆ



پێچکردنەوە بۆ لای دەستە ڕاست لە پێشەوەیە



پێچکردنەوە بۆ لای دەستە چەپ لە پێشەوەیە



پێچکردنەوەی ترسناک لە پێشەوەیە



هەوراز لە پێشەوەیە



لێژی لە پێشەوەیە



قەراغ ڕێگەی مەترسیدار لە پێشەوەیە



تاسەی دەستکرد لە پێشەوەیە



شەقامی نارێک لە پێشەوەیە



شەقامی چاڵ لە پێشەوەیە

**ڕێزگرتنی ڕێساکانی هاتوچۆ..**
**ڕێزگرتنی ژیانە**

# سوودەکانی خوێندنەوە



به یەکگرتن بنیات دەنێین و بە
خوێندنەوە پێش دەکەوین



لە پێناو کوردستان هەموومان دەخوێنین



قوتابی خۆشەویست:
خوێندنەوە روناکییە.. ئێستای گەل و دوارۆژیەتی



# ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام






## ٦
## ئامانجی شەشەم ئاوی پاك و پاکوخاوێنی

ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام دڵنیابوون لە پێڕاگەشتنی جیهانیی بۆ ئاوی پاك و ئاوی خواردنەوەی هەرزان بۆ هەمووان تا ساڵی ٢٠٣٠.

## ٧
## ئامانجی حەفتەم وزەی پاك و هەرزان

ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام دڵنیابوون لەوەی وزەی هەموو جیهان لە سەرچاوە نوێبووەکانەوە بەرهەمبێت و کارەبای هەرزانیان بەردەست دەبێت تا ساڵی ٢٠٣٠.

unicef

ئەم پرۆگرامە بە سپۆنسەری

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان ( یونیسێف ) ئامادەکراوە